# دەسەڵاتە كۆمەلآیەتییەكان و تراژیدیای مرۆڤایەتی

بژار

ئەوە ڕاستە كە دەسەڵاتە سیاسیەكان هۆكاری تراژیدیای مرۆڤایەتین , بەلآم ئەوانە هەموویان پێكەوە ڕوخساری جەوهەریێكن كە دەسەڵاتە كۆمەلآیەتییەكانن . بۆ وەلانانی ئەو تراژیدیایە , خەبات كردن نەك بۆ تیابردنی دەسەلآتی سیاسی ,دەبێت بۆ هەڵتەكاندنی دەسەلآتە كۆمەلآیەتییەكانیش بێت . گرفتی هەوڵدان بۆ بنەبڕ كردنی دەسەلآتی سیاسی لەویادایە كە بیٚ بنەبڕ كردنی دەسەلآتە كۆمەلآیەتییەكان بە ئەنجام ناگات . پەیوەندی دەسەلآتە سیاسییەكان بە دەسەلآتە كۆمەلآیەتییەكانەوە , پەیوەندی جۆگەكانە بە سەرچاوەكانەوە . ناكرێت بیٚ ووشك كردنی سەرچاوە , ئاوی جۆگە تیا ببڕێت . ئازاد بوونی مرۆڤ و وەلانانی تراژیدیای مرۆڤایەتی لێرەوەیە . لە هەڵتەكاندن و تێكدانی تەخت وتاراجی دەسەلآتە كۆمەلآیەتییەكانەوەیە . هەموو جۆرە سازشێك لە بەرانبەر دەسەلآتە كۆمەلآیەتییەكاندا , پارێزگاری كردنە لە مانەوەی دەسەلآتی سیاسی . دەسەلآتە كۆمەلآیەتییەكان بۆ خۆشیان پێویستیان بە هەبوونی دەسەلآتە سیاسییەكان هەیە . ئەگەر وانەبێت دەپووكێنەوە . جگە لەوەی كە دەسەلآتە سیاسییەكان بە گرتنە بەری شێوازی جۆراوجۆر بەرگری لە مانەوەی دەسەلآتە كۆمەلآیەتییەكان دەكەن و زەمینەی نەشونما كردنیان بۆ دەسازێنن , بۆ خۆشیان شێوەی تری دەسەلآتی كۆمەلآیەتی دروست دەكەن . هەموو چوونە پرۆسەیەكی خەباتی سیاسییەوە , بۆ خۆی چوونە پرۆسەی دروست كردنی جۆرێك لە پەیوەندییە كۆمەلآیەتییەكانیشە . هەموو ئەو پەیوەندییە كۆمەلآیەتییانەی كە بەرئەنجامی خەباتە سیاسیەكانن , سەبارەت بە كەسەكانی ناو كۆڕی خەباتە سیاسییەكان , پەیوەندییەكی ڕاستەقینەیە لە ڕواڵەتدا و درۆیینەیە لە ناوەرۆكدا . واتە ئەو پەیوەندییە كۆمەلآیەتییانە تا ئەو شوێنە بڕ دەكەن كە خەباتگێڕەكە لە بازنەی هەڵسووڕانە سیاسییەكەیدا دەمێنێتەوە . بە هاتنە دەرەوەی ئەو خەباتگێڕە لەو بازنەی هەڵسووڕانە سیاسییەیدا , ئیتر پەیوەندییە كۆمەلآیەتییەكانیش یەك بە یەك هەڵدەوەشێنەوە . كەم نین ئەو دۆستایەتییانەی كە لە پاش چۆڵ كردنی مەیدانە سیاسییەكانەوە , ناحەزایەتییان لیٚ بەجێماوە . بەلآم بە پێچەوانەی ئەم بارودۆخەوە , ئەو دەسەلآتە سیاسییانەی كە لە سەر بنەمای دەسەلآتە كۆمەلآیەتییەكانەوە هەڵدەستن , پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان كەسەكان ڕاستەقینەن لە ڕواڵتدا و درۆینەن لە ناوەرۆكدا . واتە پەیوەندییە كۆمەلآیەتییەكانی نێوان كەسەكان ڕاستەقینەن لە جەوهەردا " ناوەرۆكدا " و درۆینەن لە ڕواڵەتدا . كەواتە لە ڕواڵەتدا پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان كەسەكان ڕاستەقینەن و پەیوەندییە كۆمەلآیەتییەكان درۆیینەن , وە لە جەوهەریشدا پەیوەندییە كۆمەلآیەتییەكان ڕاستەقینەن و پەیوەندییە سیاسییەكان درۆیینەن . بە واتایەكی تر لەم حاڵەتەدا پەیوەندییە سیاسییەكان شوێنكەوتەی پەیوەندییە كۆمەلآیەتییەكانن . ئەڵبەتە سەبارەت بە كەسەكان وەكو تاك ئاوا

دەکەویتەوە , ئەگینا سەبارەت بە ڕێڕەوی گشتیی دەسەڵاتە سیاسییەکان و چالاکییەکانیان لە گۆڕەپانی کۆمەڵگادا ئاوا ناکەویتەوە " یانی پەیوەندییە سیاسییەکان ڕاستەوخۆ پاشکۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نین .

دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن , کەچی لەگەڵ گەشە کردنیاندا پەیوەندییەکان دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە . دەسەڵاتەکان تا ئەو کاتە ئامرازن بە دەستی مرۆڤەوە , کە مرۆڤەکان نەچوونەتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە . مرۆڤەکان لەگەڵ چوونە پرۆسەی پەیوەندی گرتنیانەوە لەگەڵ یەکتریدا , دەچنە پرۆسەی بە ئامراز بوونی خۆشیانەوە بە دەست یەکپێگرتنی دەسەڵاتەکانیانەوە . تراژیدیاکە " تراژیدیای مرۆڤایەتی " ئالێرەوە دەست پێدەکات و چارەسەرەکەشی هەر لێرەوەیە .واتە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکگرتنەی دەسەڵاتەکانەوەیە کۆتایی بە تراژیدیاکە دەهێنرێت . بەلام ئەم دەسەلاتە کۆمەڵایەتییانە لە پرۆسەی مێژوویی خۆیاندا دەسەلاتە سیاسییەکان دروست دەکەن و دیاردەی تراژیدیاکەش دەگوێزنەوە بۆ ئەوێ . لەگەڵ گوێزانەوەی ئەو تراژیدیایەدا " گواستنەوەی تراژیدیای مرۆڤایەتی بۆ ناو دەسەلاتی سیاسی " چارەسەرەکەش لە دایك دەبێت . مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەوەدا کە لە دووتوێی کێشمەکێشە ناوەکییەکانی خۆیدا و لە پرۆسەی مێژوویی دابەش کردنەوەی دەسەڵاتە سیاسییەکاندا , دەسکەوتە لۆکاڵی و جیهانییە سنووردارەکانی خۆی هێناوەتە دەرەوە و بە پێی ڕیز بەستنەکانی تا ئەمڕۆ , دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتری کردوون , بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش " زیاتر لە دەرەوەی هۆشیاری جیهانگیرییانەی خۆی " کاروانی خەباتەکەی لە یەکەم ڕۆژەوە تا ئێستا بۆ گەیشتن بە یەکسانی لە دەسەلاتدا خستووەتە ڕێ . دیمۆکراسی لە بالاترین پێناسەیدا , میکانیزمی کردەیی کردنەوەی ئەم دروشمی یەکسانییەیە لە دەسەلاتدا . لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە وەکو بوویەکی کۆمەلایەتی " مەبەست لەو سەردەمەیە کە هاتووەتە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە " کە بە دروست کردنی کۆمەڵگای خێزانیی (کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی مرۆڤ هەر یەکەیان بریتی بووە لە خێزانێك , با ژمارەی هەر یەکێکیشیان لە دەیان و بگرە سەدانیش تێپەڕ بووبێت ) دەست پێدەکات , دەسەلاتی کۆمەلایەتی لە شێوەی دەسەلاتی خێزاندا خۆی دارشتووە . لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەو دەسەلاتە , پەلوپۆی هاویشتووە و دەیهاوێ . هەتا ئێستاش هەر یەکەی " وەحدەی " خێزان , بناغەی لێوەهەڵسان و ڕاگری دەسەلاتە کۆمەلایەتییەکانە .

دەسەڵاتە خێڵەکییەکان شتێك نین لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك خێزان زیاتر بە دەوری یەکتریدا کە پەیوەندییەکی مێژوویی لە گەڕانەوەیاندا بۆ یەك خێزان کۆیان دەکاتەوە . خزمایەتییەکان , تەوەرە بەستنەکانن بە دەوری چەند پشتێکی لەوەو پێشتردا . ئەم کۆبوونەوانەیان بە دەوری یەکتریدا , یەکخستن و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانیانە . هەموو یەکەیەکی خزمایەتی ئاوا , یەکەی دروست بوونی دەسەڵاتە خێلایەتییەکانیشە . بەرئەنجامی یەکگرتنی چەند یەکەیەکی خزمایەتی ئاوایە کە لە سەر بنەمای گەڕاندنەوەیان بۆ خێزانێك کە هەموویانی لێوە هاتووە , خێڵ دروست دەبێت . یانی دروست بوونی خێڵ

بەرئەنجامی ڕیشەیی هاتنە خوارەوەی نەوەکانی خێزانێکە . ئەمەیە ئەو پەیوەندییە خوێنییەی کە دروست بوونی خێڵ " تایەفە " ی لێوە پەیدا دەبێت . مەسەلەی دروست کردنی هەموو ڕۆژەی خێزانی تازە لە کۆمەڵگادا و لە دووتوێی چوونە پرۆسەی بەسەربردنی ژیانی هاوسەریەتی " ژن و مێردایەتی " یەوە , مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوامە و هەمیشە جۆرێکی تر لە پەیوەندی خزمایەتی نوێ کە لە دوایین لێکدانەوەدا پەیوەندییەکی خێڵایەتییە , دێنێتە گۆڕێ " دەیهێنێتە کایەوە " . سیستمی تالأن کردنی دەسەلأت یەکەمجار لە ناو خێزاندا دادەمەزرێت و لەوێوە سەرتاپای کۆمەڵگا دەگرێتەوە . باوك تالأنی دەسەلأتی دایك و منداڵەکان دەکات . دایك تالأنی دەسەلأتی منداڵەکان دەکات تا گەورە دەبن . برا تالأنی دەسەلأتی خوشك دەکات و لە دواییشدا تا ڕادەیەکی زۆر تالأنی دەسەلأتی دایکی و کە باوکیشی پیر دەبێت تالأنی دەسەلأتی ئەویش دەکات . ئەمە جگە لەوەی کە برا گەورە تالأنی دەسەلأتی برای بچوك دەکات . ئەو دەسەلأتە زۆرەی کە پیاو لە ناو حیزاندا هەیەتی , ئەوە بە تالأن بردنی دەسەلأتی ئەندامانی خێزانەکەیە . پیاو کە لە پیریدا دەسەلأتی نامێنێت , ئەوە بە تالأن بردنی دەسەلأتەکەیەتی لە لایەن منداڵەکانیەوە . لای هەر کەسێکەوە لە خێزاندا دەسەلأت زۆر بێت , یانی لای ئەوانی ترەوە کەمە . یەکسانی لە دەسەلأتدا , لە ناو خێزاندا نییە . وە هەتا لە ناو خێزاندا , یەکسانی لە دەسەلأتدا پیادە نەکرێت , مرۆڤایەتی ناتوانێت بچێتە قۆناغی ڕزگار بوونەوە . ڕێز گرتن لە دەسەلأتی یەکتری و بە فەڕمی ناسینی مافی یەکسانی لەو بوارەدا , خێزان دەباتە ئاستێکەوە کە پەیوەندییە مرۆییەکانی بە تەواوی دەدۆزرێتەوە . خەبات کردن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا , بێ خەبات کردن بۆ گۆڕینی خێزان , خەبات کردنێکی یەك لایەنە و ناتەواوە . هەموو خەباتێك بەو مانایە ڕاستەقینەیە کە هێنانی ئاڵوگۆڕی مرۆییانەی بۆ پەیوەندییە ناوەکییەکانی خێزان , لە هەگبەدا بێت .بە فەڕمی ناسینی یەکسانی لە دەسەلأتدا , منداڵ لە زەبروزەنگ و پیریش لە وون کردنی کەسایەتییەکەی کە دەسەلأتەکەیەتی ڕزگار دەکات . دەسەلأت هەمیشە خاسیەتی چەوسێنەری هەیە . ناکرێت خاوەن دەسەلأت , چەوسێنەر نەبێـت . وە ناکرێت چەوسێنەر , چەوساوە ئازاد بکات . ئەگەر چەوسێنەر " خاوەن دەسەلأت " بیەوێت چەوساوە ئازاد بکات , دەبێت لە چەوسێنەریی " دەسەلأتداریەتی – پلەوپایە " دابەزێت . هەموو حوکومەتەکان و حزبەکان و ڕێکخراو و هێز و لایەنەکانی دیکە و هەموو دامودەزگا و دامەزراوە ئاینیی و فکریی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری جیهاندا , لە کەم –کەم و لە زۆر – زۆر , هەڵگری خاسیەتەکانی دەسەلأتداریەتی ناو خێزانن . یانی کون و قوژبنی کۆمەڵگای جیهان , ئاخنراوە لە چەوساندنەوەی ئینسان .

لای ئۆرگانە ئاینییە باڵاکان , ئەوەی کە بنچینەییە , نە پەرتوکە ئاسمانییەکانن و نە جێبەجێ کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە , تەنیاوتەنیا کەڵەکە کردنی دەسەلأتداریەتی بۆ دەسەلأتخوازان , لای ئەوان سەنتەری دابین کردنی چالاکییەکانی خۆیان و پەیڕەوان و دامەزراوەکانیانە . هەموو ئایینەکانی دونیا لە سەر بناغەی ملکەچ بوونی مرۆڤ و کڕنۆش بردنی بۆ دەسەلأت دامەزراوە . مەسەلەی ئازاد بوونی مرۆڤ لە ئاییندا لە گۆڕێ نییە . ئایین ئامڕازێکی گەورەی هەلأواردنە و لە سەر بنەمای هەلأواردنە خێزانییەکانەوە

درێژه به تەمەنی خۆی دەدات . لەگەڵ ئەوەدا کە دەسەڵاتە ئاسمانییەکان نوێنەری دەسەڵاتە زەمینییەکانن , بەڵام ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە زەمینییانە دروست دەکات و کۆمەڵایەتییان دەکاتە وە و دەیانپارێزێت , خودی خێزانە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ و بە ڕادەیەکی بەرچاو , دابڕاو لە چوونە پێشەوەی مرۆڤایەتی . هەموو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە وەك سیستمێك چەوساندنەوەی مرۆڤی تیا پیادە بکرێت , هەڵگری سیما و پەیوەندییە نا مرۆییەکانی خێزانە . خێڵ و نەتەوە و حوکومەت و حزب و ......هتد لە دوایین لێکدانەوەدا دەتوانرێت وەکو خێزانێکی گەورە سەیری هەر یەکێکیان بکرێت . خێزان لە کۆمەڵگاکاندا یەکە " وەحدە " یەکە , کە هەموو نابەرابەری و دواکەوتن و دەسەڵاتخوازییەکی لە خۆ گرتووە . تەنانەت ڕایسیزم " هەڵاواردن " لە بناغەدا خێزانییە . لەوێوە بۆ خێڵ و دانیشتوانی ناوچەیەك و هەرێمێك و دواییش نەتەوە و وڵات و کیشوەر " قارە " و جیهانی ڕۆژئاوا پەلوپۆ دەهاوێ و دەیتەنێتەوە . چۆن یەکەی کۆمەڵایەتی ڕایسیزم خێزانە , ئاواش یەکەی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتداریەتی , خێزانە . ئەڵبەتە یەکەی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی ئاینییش هەر خێزانە . هەموو دواکەوتنەکانی کۆمەڵگا لە لایەنێکیدا بەستراوەتەوە بە مانەوە و پایەدار بوونی شێوەی ئێستای خێزانەوە . ئەگەر ڕوو لە هەڵتەکاندنی خێزان وەکو بناغەترین یەکەی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیەی ئێستاوە بکرێت , یانی ڕوو لە هەڵتەکاندنی هەموو دامەزراوە سیاسی و ئاینیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت . ئا لێرەوەیە کە هیچ یەکێك لەو دامەزراوانە نەك هەر دەست لە خێزانەوە نادات و نایەڵێت ئاڵوگۆڕی بنچینەیی بێت بە سەریدا , بەڵکو بە دەستێکی پۆڵایینەوە لەو کەس و لایەنەش دەدات کە بیەوێت بێتە ئەم مەیدانەی خەباتەوە . پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزان لە سەردەمە بەردینییەکانەوە هەتا ئێستا لە ڕیفۆرم زیاتر , ئاڵوگۆڕی بنچینەیی بە خۆیەوە نەبینیوە . هەتا ئێستاش لە لایەن هەموو کەسێکەوە " بە شێوەیەکی گشتی " بەرز ڕاگرتنی ئەندامانی خێزانەکەی خۆی و هەڵاواردنیان " بە باشتر سەیر کردنیان " بە سەر ئەندامانی خێزانەکانی تردا مەبدەئە . وە ئەم مەبدەئە بۆ خۆی بناغەی ڕایسزمە لە هەر یەکێك لە کۆمەڵگاکان و هەر هەمووشیاندا پێکەوە . ئەم مەبدەئە پەیوەندییە مرۆییەکان لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەی خۆی و ئەندامانی خێزانەکانی تر دادەماڵێت . لە سەر بناغەی ئەم مەبدەئە" پرەنسیپە " وەیە پەیوەندییە مرۆییەکان لە نێوان مرۆڤەکان و خێزانەکاندا پیادە دەبن . کەواتە پەیوەندییە مرۆییەکان شێوەن بۆ ناوەرۆکێك کە پەیوەندییە نا مرۆییەکانن . خودی ناکۆکییەکە لێرەدایە . دەبێت چارەسەری ئەم ناکۆکییە بکرێت , ئەوسا دەکرێت پەیوەندییە مرۆییەکان بخرێنەوە شوێنی شیاوی خۆیان . ئەم یەکە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییە کە خێزانە , شوێنی لێوەهەڵسانی هەموو یەکەیەکی نامۆیە بە پەیوەندییە مرۆییەکان . هەموو جۆرە مرۆیی بوونێك لە هەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگاکانی جیهاندا , تەنیا بەو ئەندازەیە بوونی هەیە کە نەیتوانیوە ڕواڵەت تێبپەڕێنێت . هەموو یەکەیەك " کۆمەڵایەتی بێت یان سیاسی " بەو ئەندازەیە دەتوانێت لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا ڕواڵەت تێبپەڕێنێت , کە ئاڵوگۆڕی بنچینەیی بە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزانەکاندا بهێنێت . مەسەلەی تێڕوانینی نابەرابەرییانەی خێزانەکان بۆ یەکتری , لە نابەرابەری

ئەندامەکانەوە هاتووە لە ناو خودی هەر خێزانێکدا . ئەو نابەرابەرییەش لە ناو ئەندامانی هەر خێزانێکدا , لە جەوهەردا نابەرابەرییە لە دەسەڵاتدا . ئەم نابەرابەرییە لە دەسەڵاتدا , سەرچاوەی هەڵاواردن " ڕایسزمی خێزانیی " و سەرکوت و دواکەوتن و فەرمانداریی " حوکمڕانی " یە .

ئایین دەسەڵاتە زەمینییەکانی خۆی لە سەر بناغەی یاسایی کردنەوەی " بە قانون کردنی " ئەم نابەرابەرییە ی دەسەڵات لە خێزاندا, دادەمەزرێنێت . هەر لە بەر ئەوەشە کە ئایین لە هەموو لایەکەوە چووەتە ناو نابەرابەرییەکانی دونیای خێزانەوە و بە پێی یاسا ئاسمانییەکان قووڵتری کردوونەتەوە و پیرۆزیی پێبەخشیوون .

مرۆڤ ئەگەر لە سەرەتادا وەکو تەفسیر کردنی نامۆ بوونی خۆی بە سروشت ئایینی دۆزیوەتەوە و بە پرۆسەی مشتوماڵ کردندا هێناویەتی تا دروست کردنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بۆی , ئەوا لەو کاتەوە " لە کاتی دروست بوونی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەوە بۆ ئایینەکان " قەدەغە بوونی بیری ئازادیش چووەتە پرۆسەی مێژوویی خۆیەوە . کۆنە پەرستی ئایینیی لەویادا نییە کە هانی خەڵکیی دەدات بۆ یەکتا پەرسنیی و لەو بارەیەوە پڕوپاگەندەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت , بەڵکو لەویادایە کە عەقڵ لە خواستە دەروونییەکان " ئارەزووەکان " ی مرۆڤ جیا دەکاتەوە و تێکەڵ بە دەسەڵاتی دەکات . مەسەلەی ئەخلاقیش لێرەوە مانا پەیدا دەکات . ئەوە دابڕانی عەقڵە لە ئارەزووەکانی مرۆڤ کە ئەخلاقی وەکو دیاردەیەکی سەربەخۆ هێناوەتە دەرەوە . لەو کاتەوە کە ئەخلاق وەکو دیاردەیەکی دژە مرۆیی جێگاوڕێگای لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا پەیدا کردووە و چەشنی باشترین هاوتای ئایین و خێزان جێگیر بووە , لەو کاتەوە کەسایەتی مرۆییانەی مرۆڤ خراوەتە ژێر پرسیارەوە و لە لایەن ئەخلاقەوە دەستی بە سەردا گیراوە . زۆر لە پێش شەڕی تەڕوادەوە , ئەخلاق بنجی داکوتاوە و هەتا ئێستاش ئەو بنج داکوتانەی هەر بەردەوامە . بووە بە بەشێك لە سیستمی بیر کردنەوەی مرۆڤ . ئەم بە سیستم بوونی ئەخلاقە لە کۆمەڵگادا , بە سیستم بوونی دواکەوتنە . هیچ کەس و هێز و لایەنێك ناتوانێت لە ئاستی ئەخلاقدا بێدەنگ بێت و خۆیشی بە پێشکەوتنخواز بزانێت . یەکێك لەو پێوەرانەی کە پێشکەوتنخوازیی پێدەپێورێت , لێدانە لە دواکەوتنخوازیی ئەخلاق . ئەخلاق وەکو دیاردەیەکی نامۆ بە مرۆڤ , پایەدار بوونی خۆی لە پایەدار بوونی دابڕانە مێژووییەکەی عەقڵ و خواستە دەروونییەکاندا دەبینێتەوە . یەکگرتنەوەی عەقڵ و خواستە دەروونییەکانی مرۆڤ , کۆتایی هێنانە بە مێژووی ئەخلاق . خودی کۆنە پەرستیش لێرەوە دەست پێدەکات , لە جیابوونەوەی عەقڵ و خواستە دەروونییەکانی مرۆڤەوە . واتە مێژووی ئەخلاق و مێژووی کۆنە پەرستی یەك مێژووە . ئەم دوانەیەی ئەخلاق و کۆنە پەرستی لە یەك سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە . لێرەوەیە عەقڵ , بێعەقڵیی بەرهەم دەهێنێت , لۆجیك وون دەکات , پەیوەندییە مرۆییەکان دەپچڕێنێت . عەقڵ لە نێوانی ئارەزووەکان و دەسەڵاتدا سەربەخۆ نییە . هەمیشە لەگەڵ یەکێکیاندا یان لەگەڵ هەردووکیاندا یەکیگرتووە . یەکگرتنەکەی لەگەڵ دەسەڵاتدا ئارەزوومەندانە نییە " جگە لەو کاتانەی کە دەسەڵات کاری هاوبەشانەی عەقڵ و ئارەزوو جێبەجێ دەکات " , بەڵام لەگەڵ ئارەزووەکان " خواستە دەروونییەکان " دا

ئارەزوومەندانەیە . ئایینەکان " دینەکان " , پەیوەندییە سروشتییەکانی نێوان عەقڵ و خواستە دەروونییەکان دەپچڕێنن و عەقڵ لە زیندانی دەسەڵاتدا بەند دەکەن . عەقڵ دەکەن بە کۆیلەی بڕوا بوون . بڕوا بوونێك کە بەرئەنجامی لێکدانەوەکانی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشتە . ئەم لێکدانەوانە کە خۆیان بەرهەمی بیرە فەلسەفییەکانی ئەو سەردەمە کۆنانەن .

لەگەڵ ئەوەدا کە بڕوا بوون عەقڵێکی گەشەداری سەردەمی خۆیەتی , عەقڵێکی ڕاوەستاویشە لە گەشە کردن . یانی بڕوا بوون عەقڵێکە کە پرۆسەی گەشە کردنی عەقڵ لە قاڵب دەدات . بڕوا بوون لە لایەنێکیدا پیرۆز کردنی شتێکە و لە لایەنێکی تریشیدا بە دییل گرتنی " کۆیلە کردنی " عەقڵە . هەر شتێك لای مرۆڤەوە پیرۆز بکرێت , یانی عەقڵی کردووە بە کۆیلەی ئەو پیرۆزییە .

لەو کاتەوە کە عەقڵ و خواستە دەروونییەکانی مرۆڤ جیا کراونەتەوە لە یەکتری , لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەموو یاسا کۆمەڵایەتییەکان " بە دەرهاویشتە سیاسی و ئایینییەکانیشیەوە " بە پلەی جۆراوجۆر ئەو جیا کردنەوەیەی عەقڵ و خواستە دەروونییەکانی مرۆڤیان بە فەرمی ناسیوە و بەرگرییان لە پایەدار بوونی کردووە . ئەو هەوڵانەی کە لە کۆنەوە تا ئێستا لەم مەیدانەدا دراوە , لە چاکسازیی " ڕیفۆرم " زیاتر شتێکی تر نەبووە .

مەسەلەی وەلانانی پەیوەندییە نامرۆییەکان لە خێزاندا و دانانەوەی پەیوەندییە مرۆییەکان لە جێگەیدا , مەسەلەی یەکگرتنەوەی عەقڵ و ئارەزووەکانە . ئەم یەکگرتنەوەیەش ڕوو نادات ئەگەر چوونیەکی دەسەڵاتی ئەندامان لە خێزاندا بە فەرمی نەناسرێت . ئەم بە فەرمی ناسینەی دەسەڵاتی یەکتری لە ناو خێزاندا , تالان کردنی دەسەڵات لە نێوانیاندا وەلادەنێت . ئەم بە فەرمی ناسینەی دەسەڵات لە خێزاندا دەبێت ئاستێك بە خۆیەوە بگرێت کە منداڵی بەرمەمکانە و دایك و باوك لە بازنەی یەکسانیدا کۆبکاتەوە . یانی دەسەڵاتی سبەینێ " داهاتوو " ی گەورە بوونی منداڵەکە دەبێت لە یەکەم ڕۆژی لە دایك بوونیەوە لای ئەندامانی خێزانەوە " هەر هەموویان " بە فەرمی بناسرێت .

ئایین کە دێت عەقڵ لە خواستە دەروونییەکان جیا دەکاتەوە و تێکەڵ بە دەسەڵاتی دەکات , لەوێوەیە کە عەقڵ بۆ خۆی پاشکۆ " شوێنکەوتە " ی ئارەزووەکانە . ئەمە لە لایەك , وە لە لایەکی تریشەوە ئایین بۆ خۆی بەرهەمێکی عەقڵانیە . جا ئەگەر ئایین ڕێگە بدات بەوەی عەقڵ شوێنکەوتەی ئارەزووەکان بێت , یانی خۆیشی " واتە ئایین " دەبێت هەمان ڕێگە " پاشکۆ بوون بۆ ئارەزووەکان " بگرێتە بەر . پێداویستی ئارەزووەکانی مرۆڤ عەقڵی هێناوەتە بوون , بۆیە عەقڵ هەمیشە ئامرازی بالانس پێکردنی ئارەزووەکان و بەدی هاتنەکانیانە .

وردبوونەوە لە دیاردەکانی سروشت و تێنەگەیشتن لێیان و بێتوانایی مرۆڤ بەرامبەریان کە لە سەردەمە کۆنەکاندا ئایینی دروست کردووە , چەوساندنەوەی مرۆڤیش لەگەڵیدا دەستی پێکردووە . چەوساندنەوەکان لە پێشدا هەست کردن بووە بە کۆیلەیی خۆی لە بەرانبەر هێزە دەرەکییەکاندا کە دیاردەکانی سروشت بوون . ئەمانە هەمووی لە مەیدانەکانی بیرکردنەوەدا سەبارەت بە مرۆڤی ئەو چاخە کۆنانە ڕوویداوە و

ئارەزوومەندانەش بووە . لە پرۆسەیەکی مێژوویی دووردرێژدا ئەم دەسەڵاتانەی دیاردەکانی سروشت لە دووتوێی کۆمەڵێك " وانە " دا گوێزراونەتەوە بۆ سەر زەوی . لەو ڕۆژەوە کە نوێنەری ئەو دەسەڵاتانە لە سەر زەوی پەیدا بووە , لەو ڕۆژەوە چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە , هۆشیارانە دەستی پێکردووە . ئەم چەوساندنەوەیە بەرئەنجامی نوێنەرایەتی کردنی دەسەڵاتە ئاسمانییەکانن" واتە دەسەڵاتی دیاردەکانی سروشت " لە لایەن بیرمەندە ئاینییەکانەوە . نوێنەرایەتی کردنی دەسەڵاتە ئاسمانییەکان لە ڕاستیدا تاڵان کردنی دەسەڵاتە مرۆییەکان بوو . یانی چەوساندنەوە لە مێژوودا بەرئەنجامی تاڵان کردنی دەسەڵاتە , مەسەلەی جیاکردنەوەی عەقڵ لە ئارەزووەکان لە تاوانبار کردنی ئارەزووەکانەوە بووە وەکو هۆکاری داماوی و زەبوونی مرۆڤ . ئەوەی کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە لە پشت سەری ئەم تاوانبار کردنەی ئارەزووەکانەوە , پاوانخوازی ڕاوەستاوە . ئەم پاوانخوازییە لە ئارەزووەکاندا پێویستی بە پاوانخوازی هەبووە لە دەسەڵاتدا . دەسەڵات ئامڕازێکە کە ئارەزووەکانی مرۆڤی پێ دەهێنرێتە دی . هێنانەدی ئارەزووەکانی مرۆڤێك یان مرۆڤگەلێك بە زۆریی لە سەر حسابی پوکاندنەوەی ئارەزووەکانی ئەوانی دیکەیە . مەسەلەی کۆنەپەرستی و ئەخلاق کە بەرهەمی جیاکردنەوەی عەقڵن لە ئارەزووەکان , جیاکردنەوەی عەقڵیش بۆ خۆی بەرهەمی لۆجیکانەی بیرکردنەوەی مرۆڤە کە لە ئەنجامی دۆزینەوەی گوایە هۆکارەکانی بێتوانایی مرۆڤەوە بووە کە خواستە دەروونییەکانی بووە . وە لە پشتی تاوانبار کردنی خواستە دەروونییەکانی مرۆڤەوە , وەك زانیمان , پاوانخوازی لە دەسەڵاتدا " بە ناوی نوێنەرایەتی کردنی دەسەڵاتە ئاسمانییەکانەوە " و هێنانەدی خواستە دەروونییەکانی دەسەڵاتخوازان ڕاوەستاوە . بەڵام دەسەڵات خۆی لە خۆیدا چییە و مرۆڤ بۆچی بە شوێنیەوە بووە ؟

دەسەڵات لە بناغەدا بریتییە لە هەبوونی هێز و بەکارهێنانی . لای مرۆڤەوە هەمیشە هەبوونی هێز و بەکارهێنانی لە پێناوی مەرامێکی تایبەتیدا بووە . ئەم شێوەیە لە دەسەڵات کە دەسەڵاتی تاکایەتی مرۆڤە , خاوەنی تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی . هێز و خواستی دەروونی و خودپەرستی لە پێکهاتەکانیەتی . جوڵانەوە و کات و شوێن و بەکارهێنان لە خاسیەتەکانیەتی . ئامڕازی پیادە کردنی ئارەزووەکانی مرۆڤە . دەتوانێت لەگەڵ عەقڵدا و بەدەریش لە عەقڵ ئامڕازی پیادە کردنی ئارەزووەکان بێت . بۆ دەسەڵاتداران , عەقڵ ئامڕازی گونجاندنی دەسەڵاتەکانیانە بۆ بەدیهاتنی ئارەزووەکانیان . بۆ دەسەڵات تاڵان کراوەکانیش " ئەوانەی دەسەڵاتیان تاڵان کراوە " , عەقڵ بە زۆری ئایین و کەڵچەرو دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان " ئایین و کەڵچەر دوو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتین " کراوە بە دادگەر " حاکم " ی ئارەزووەکان . عەقڵ لەم مەیدانی ئارەزووانە " خواستە دەروونییانە " دا بۆ چەوسێنەران " تاڵانکەرانی دەسەڵات " پرشنگدارە و بۆ چەوساوەکانیش " تاڵانکراوانی دەسەڵات " تاریکستانە . ئەمە ئیتر بۆ چەوساوەکان دەوری کۆنەپەرستانەی عەقڵە , چونکە لۆجیك وون دەکات و بەها مرۆییەکان وەلا دەنێت و ئارەزووەکان زیندانیی دەکات . بەڵام لە بەرانبەر ئەم کۆنەپەرستییەی عەقڵدا کە چەوسێنەران بە سەر خواستە دەروونییەکانی چەوساوەکاندا دایدەسەپێنن , هەمیشە کێشمەکێش هەر لە ئارامترینیانەوە

هەتا توندوتیژترینیان بەردەوام بووە . یاخی بوونەکان و ڕاپەڕینەکان و شۆڕشەکان بەرئەنجامە بەرچاوەکانی ئەو کێشمەکێشانە بوون . عەقڵ خۆی وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ , بێ عەقڵیی , کۆنەپەرستیی , چەوسێنەریی , لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتووە . ئەوەی کە دەوری کۆنەپەرستانە بە عەقڵ دەبینێت , دابڕاندنی عەقڵە لە ئەرکە سروشتییەکەی کە خزمەت کردنە بە خواستە دەروونییەکانی مرۆڤ . عەقڵ کە ئارەزووەکانی چەوساوەکان زیندانی دەکات , بەو ڕادەیە لەو زیندانی کردنە ئازادیان دەکات کە تەوەرە ببەستن بە دەوری ئامانجەکانی دەسەڵاتدارانداا . جێگۆڕکێ پێکردنی عەقڵ لە ئامڕازی بالآنس پێکردنی ئارەزووەکانی مرۆڤ و بەدی هاتنیانەوە بۆ فەرمانداریی کردن بە سەر ئارەزووەکانەوە , ڕاستەوخۆ کەڵەکە کردنی دەسەڵات بۆ دەسەڵاتداران و کەم کردنەوەی دەسەڵات بۆ چەوساوەکان بەرهەم دەهێنێت .

مەسەلەی فەرمانداری کردنی عەقڵ بە سەر ئارەزووەکاندا , مەسەلەی فەرمانداری کردنی دەسەڵاتدارانە بەسەر چەوساوەکاندا . هەموو پاشەکشەیەك بە خواستە دەروونییەکان , یانی پاشەکشە بە مرۆڤ . هەموو پاشەکشەیەکیش بە مرۆڤ یانی هەبوونی دەسەڵاتێك بە بان سەری ئەوەوە . هەموو هەبوونێکی دەسەڵاتیش بە بان سەری ئەوەوە , یانی ملکەچ پێکردنی . هەموو ملکەچ پێکردنێکیش یانی داماڵینی لە دەسەڵات و گواستنەوەی ئەو دەسەڵاتە داماڵراوە بۆ دەسەڵاتدار . ئائەمەیە فەرمانداریی عەقڵ بەسەر خواستە دەروونییەکانەوە یەکسان دەکات بە کەڵەکە بوونی دەسەڵات لای دەسەڵاتداران .

ئایین لە پرۆسەی مێژوویی خۆیدا کە توانیویەتی دەسەڵات بکات بە سیستم و پیادەی بکات , بە هۆی چەند فاکتەرێکەوە بووە , لەوانە : 1- دەست بە سەردا گرتنی زانین " مەعریفە " و قۆرغ کردنی بۆ بیرمەندان و گەورە پیاوانی تری ئایینیی . 2- پێویستی هەبوونی مرۆڤ بە ئایین لە بەر تێنەگیشتنی لە دیاردەکان و ژیان و مردن . 3- دۆزینەوەی بەدیلێك بۆ نەمریی مرۆڤ کە لە مێژووی ئاییندارێدا بە بەهەشت ناسرا . 4-ناساندنی ئایین بە خەڵکیی وەکو فریادڕەسێك . 5- کۆکردنەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندییەکی بە ناو تەواو مرۆییانەدا .

ئایین بۆ ئەوەی بتەنێتەوە و گەشە بکات , پێویستی بە بنج داکوتان بوو لە خێزان و خێڵدا . خێزان بە هۆی بچوکیی و نزیکی کەسەکان لە یەکترییەوە و بە هۆی جێگاوڕێگا کۆمەڵایەتییەکەیەوە کە بنەڕەتترین یەکە و چەسپاوترینە لە کۆمەڵگادا , دەبوایە مەیدانی چەقبەستنی ئایین بوایە . لەو ڕۆژەوە کە ئایین لە گرنگی خێزان تێگەیشتووە , لە پتەوکردنەوەی پەیوەندییەکانیدایە لەگەڵیدا . لەو ڕۆژەوە خێزانی وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی کردووە بە یەکەیەکی ئایینییش . سیستمی نابەرابەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ناو خێزاندا زەمینەیەکی لەباری بۆ جێگیر بوونی ئایین سازاندووە . یەکێك لەو فاکتەرە گرنگانەی کە یارمەتی گەشە کردنی ئایینی داوە لە مێژوودا کۆنەپەرستی سیستمی پەیوەندییە خێزانییەکان بووە .

موڵکایەتی تایبەتی کە لە سەر بناغەی دەسەڵاتە تاکایەتییەکانەوە بۆ زەوت کردنی خواردن و کەلوپەلی زیادە دروست بووە , توانیویەتی لە پرۆسەی بەخۆدا هاتنیدا نەك هەر دەسەڵاتێکی ئابوورییانەی ڕووت بێت

, بەڵکو دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتییانەی هەمەگیریش بێت . بە هەر برێك ئەم پەیوەندییە ئابوورییە چووبێتە پێشەوە و کۆمەڵگای بە باری خۆیدا یەکلایی کردبێتەوە , بەو برە دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر و پتەوتر بووە . ئێستا ئیتر دەسەڵاتە ئابوورییەکان , ئەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە زەبەلاحانەن , کە سەرلەبەری کۆمەڵگاکان بە باری چوونە پێشەوەی خۆیاندا ئاراستە دەکەن . لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان " بە دەسەڵاتە ئاینیی و ئابوورییەکانیشەوە " بە ئاوێزان بوونیانەوە لەگەڵ دەسەڵاتە سیاسییەکاندا , هەمیشە لە پرۆسەی کاروکاردانەوەدان لەگەڵ یەکتریدا , بەڵام دەسەڵاتە ئابوورییەکان گەورەتر و پتەوتر و جێگیرترن . هەرچەندە بوون بە خاوەنی سامان لە ڕێگای دەسەڵاتەوە ئاسانترە لە بوون بە خاوەنی دەسەڵات لە ڕێگای سامانەوە , بەڵام لە دوایین لێکدانەوەدا ئەوە دەسەڵاتە ئابوورییەکانن کە بە شێوەیەکی توندوتۆڵ و بە هەڵپێکرانیان لەگەڵ دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان و ئایین و ئەخلاقدا , کۆمەڵگاکانیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە . ئەم تراژیدیایەی کە مرۆڤایەتی تیایدا دەژی , بەرئەنجامی یەکگرتنی ئەم دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییانەی خێزان و ئایین و ئەخلاق و ئابوورین . لێکترازانی ئەم دەسەڵاتانە لە یەکتری و پاشەکشە پێکردنیان , هەرچەندە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی مرۆڤایەتی , بەڵام بە بنەبڕ کردنی پێکهاتەی دەسەڵاتدارییەتییان نەبێت وەکو کۆمەڵێك دیاردەی نامۆ بە مرۆڤ , ئەو خەباتە لە پرۆسە مێژووییەکەیدا ناتوانێت بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی بە ئەنجامی شیاو بگات .

2006–06–16